The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

antigenocide@hotmail. com

## پەیامی چاک لە یادی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفالدا

پاش ڕووخانی ڕژێمی عێراق و دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بەکۆمەڵ، درندەیی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بوو. ئەو ڕژێمەی کە چەکی کیمیاوی لە دژی هاوڵاتیانی مەدەنی ئەو وڵاتەی خۆی بە سەرداری دەزانی بەکار هێنا.

ئەو هێرشە بێ بەزەییانەیەی کە لە 16ی مارتی 1988 دا لە دژی دانیشتووانی سیڤیلی کوردی شاری هەڵەبجەی کوردستانی باشوور ئەنجام درا و ئاکامەکەی زیاتر لە 5000 قوربانی بوو لە ژن و منداڵ و پیر و گەنجی کورد و زیاتر لە 10000 بریندار، کە گەلێکیان لە ساڵانی دووای ئەو کارەساتە گیانیان لەدەست دا و کۆمەڵێکیشیان تاکو ئەمڕۆ بە ئازارەکانی ئەو کردەوە نا مرۆڤانەیەوە ژیانێکی پڕ لە ئازار و مەینەتی دەبەنە سەر و کەس نییە لایەکییان لێ بکاتەوە.

هەر لەو سەروبەندەدا و لە 18-2-1988 ەوە ڕژێمی بەعسی عێراقی خەریکی ئەنجامدانی کردەوەیەکی تری ڕەشەکوژی بوو لە دژی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور، کە بە هەموو پێوانەکان، چ لە شێوازی نەخشە کێشان و دەست نیشانکردنی ئەو گرووپەی بەر شاڵاوەکە کەوتن و چ لە ڕووی بەربڵاوی کردەوەکە و ژمارەی قوربانییانی و زیانە مادی و مرۆییەکانی، دەچێتە کردەوەی جینۆسایدەوە کە بە ئەنفال ناوی دەرکردووە. لە هێرشی درندانەی ئەنفالدا، 182000 مرۆڤی کورد شوێن بزر کران و هەزاران گوند وێران کران، جگە لە زیانە مادییە لە ژمارە نەهاتووەکان و گواستنەوەی بە زۆری پاشماوەی قوربانییان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان.

خۆشحاڵانە یادی 18 ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد، کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال لە کاتێکدا دەکەینەوە کە تەخت و تاجی ئەو ڕژێمە شۆڤێنییە درندەیە هەڵتەکێندراوە و سەدامی دیکتاتۆریش دەستگیرکراوەو ئێستا لەگەڵ یارمەتیدەرانی دادگایی دەکرێت، بەڵام مەخابن دەستپێکی دادگاییەکە دەبوایە بە هەردوو تاوانی هەڵەبجەو ئەنفتال دەستی پێ بکردایا، ئەوە بەدی نەهات، ئەمڕۆ ترسی ئەوە هەیە سەدام لە بەرامبەر ئەو تاوانانە هەر دادگایی نەکرێن.

دادگایی فرانس ڤان ئانرات لە وڵاتی هۆڵەند و بە جینۆسایدناسینی تاوانەکانی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد لە دادگای شاری لاهای، بوو بە هەنگاوێکی گەورە بۆ کردنەوەی کۆدی نهێنی تاوانباران و دەستنیشانکردنی تاوانەکە و بە فەرمی ناسینی جینۆسایدی گەلی کورد، هانگاوێکە بۆ ناسینی لە ئاستی جیهانییدا، دەتوانیین ئەو بڕیارە بە گەورەترین دەسکەوتی سیاسی و یاسایی بزانیین بۆ گەلی کورد لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەو بڕیارە لە داهاتوودا پاڵپشتێکی بەهێز دەبێت بۆ پێك هێنانی دەوڵەتی کوردی، بۆیە ئەم دەسکەوتە بۆ ئێمە دۆسییەکی کراوەیەو بەردەوام کاری لەسەر دەکەین، چ بە گەیاندنی

ئەو بڕیارە بۆ ناو پەرلەمانەكانی جیهان، یاخود دەستنیشانكردنی كۆمپانیاو بەشداران لە تاوانەكەو كاركردن بۆ بە دادگایی گەیاندنیان،

ئێمە وەك چاك لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا توانییمان پرسی جینۆسایدكردنی گەلەكەمان بەرینە ئاستی باڵاتر و سەدان و هەزاران چالاكی بۆ بەجیهان ناساندنی ئەو پرسە ئەنجام بدەین، توانییمان ئەو پرسە بگەیەنیینە هەموو ماڵ و ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنێك لە سەرتاپای جیهان، تەنگ بە سەرجەم تاوانباران هەڵچنیین و دەنگی تۆڵەی قوربانییان بین، ڕوحی تۆڵەكردنەوەی یاسایی لەناو دڵسۆزانی گەلەكەمان برەو پێ بدەین

ئەمڕۆ لە یاداوەری ئەم یادانەدا پەیمان بە پاشماوەی قوربانییان و دڵسۆزەكانی گەلەكەمان دەدەین، لە داهاتوودا هەواڵی دەسكەوتی گەورەتر و زیاتر لە چاكەوە ببیستن، تاكو هەموو تاوانباران دادگایی نەكرێن لە هەوڵ و كۆششەكانمان كۆڵ نەدەین و سڵ لە تاوانباران نەكەینەوە.

لە كاتێكدا ئانرات لە وڵاتی هۆڵەند بە سزا دەگات، بە نەنگی دەزانیین دەیان فایلدار و تاوانبار و ئەنفالچی كورد لە كوردستاندا بە ئازادانە دەسوڕێنەوە، بەشێكیشیان پلەی بەرزیان پێ دراوە، لە كاتێكدا دەبوایا یەكەم هەنگاوی دەسەڵاتی كوردی دادگایكردنی تاوانباران بێت، بەڵام هەنگاوی پێچەوانە نراو بەشێك لە تاوانباران پاداشتكران و پلەی حیزبی و حكومی بەرزیان پێ بەخشرا بوار نەدان پێمان بۆ بە دادگایی گەیاندنی ئەو تاوانبارانە لە كوردستان، ئەمەش بە نەبوونی دیموكراسی لە كوردستان دەزانیین.

تا ئێستاش جینۆسایدكردنی كورد لە هەموو پارچەكانی كوردستان درێژەی هەیە، لەماكۆ و سەڵماسەوە بۆ مهاباد و سەردەشت و شەمزینان و ئامەد و قامشلوو و عامودا، لە كوردستانی باشوریش تیرۆریستان هەمان ڕێباز درێژە پێدەدەن لە كوشت و بڕی بە كۆمەڵی گەلەكەمان. پاش 18 ساڵ لە تاوانەكان، هێشتا زۆربەی زۆری ویستەكانمان نەهاتوونەتە دی. گەلێك لە تاوانباران ئازادن، ئەو كۆمپانیا چەكسازییانەی یارمەتی ڕژێمی بەعسیان داوە هیچ لێپرسینەوەیەكیان لەگەڵدا نەكراوە، قەرەبووی زیانەكان نەكراونەتەوە، هێشتا چارەنووسی بەشی هەرەزۆری ئەنفالكراوەكان نەزانراوە، لایەنێك نییە مشووری هێنانەوەی تەرمەكانییان بخوات، هێشتا ئەو كچە ئەنفالكراوانەی بە مەلهاكانی وڵاتی میسر فرۆشراون لە چاوەڕوانیدان، هێشتا دەیان داواكاری تری گەلە جینۆساید كراوەكەمان نەهاتوونەتە دی، بڕیاری 58 سەبارەت بە كەركووك لە چاوەڕوانی گۆدۆدایە، ئەم شارە نەك هیچ خزمەتێی ناكرێت لەوەش زیاتر كراوەتە زبڵدانێكی گەورە، تەنانەت ئەو فیدراڵییەتەی كە سەرەتاییترین مافی گەلی كوردە و بە ئەندازەی قەبارەی قوربانییەكانمان نییە، لە لایەن ئیسلامییەكان و نەتەوەییە عەرەبەكانەوە دژایەتی سەرسەختانە دەكرێت.

ناوەندی هەڵەبجە (چاك)، ئەمساڵیش وەك ساڵانی ڕابردوو بە خۆپیشاندان و كۆڕ و چالاكی هەمەڕەنگ لە زۆر وڵاتی جیهان یادی ئەو كارەساتانە و قوربانییان دەكاتەوە،

هاوكات بانگەوازی سەرجەم حیزب و ڕێكخراو و كۆمەڵەكان و گشت گەلی كورد لە هەر كوێیەك هەن دەكات، بۆ كاری هاوبەش و كۆبونەوە لە ژێر جامانەكەی عومەر خاوەر، بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەم بۆنە گرنگانە و سەلماندنی یەكگرتویی گەلی كورد و ڕاوەستانی بە كۆمەڵ لە پای بەدەست هێنانی داخوازەكان.

لە پێناو پێكەوە بەرزكردنەوەی داواكارییەكانی قوربانییانی جینۆساید و كەسوكاریان و سەرجەم گەلی كورد با بە یەكگرتوویی دەنگ بەرزكەینەوە.

داواکاری ئێمە لە یادی 18 ساڵەی جینۆسایدکردنی گەلی کورددا، لە یادی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفالدا ئەمانەن:

1. -پێویستە سەدام حوسێن وەك تاوانباری ئەنجامدەری جینۆساید بەرامبەر بە گەلی کورد دادگایی بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە بڕیارەکانی دادگای شاری لاهای گرنگی تایبەتی هەیە، کە لە لایەن چاکەوە پێشکەش بە دادگای تاوانەکانی عێراقی کراوە، هەروەها عەلی کیمیاوی پێویستە لە هەڵەبجە دادگایی بکرێت.

2. -هەموو فایلڕەشەکان ئاشکرا بکرێن. سەرجەم هاوکارانی ڕژێمی فاشی بەعس بە کوردەکانیشەوە دادگایی بکرێن و بە هۆی حیزبی بوون و کوردبوونەوە چاو لە کەس نەپۆشرێت.

3. 3-16 بە ڕۆژی دژایەتیکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا بناسرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە ئەم داواکارییەمان بە لوتکەی ناوەندە جیهانییەکان تایبەت بەم پرسە گەیاندووە، پاش گفت و گۆ بە داخەوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

4. 3-16 بکرێت بە ڕۆژی دژ بە جینۆسایدی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا.

5. – گرنگی بە ژیانی پاشماوەی قوربانییان بدرێت، جیاوازییان نەکرێت لەگەڵ شەهیدانی پارتە سیاسییەکان، تاکو ئێستا ئەو هاوکارییەی دەکرێن لە ئاستی پێویست نییە، ئەگەر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی هەندێك هەنگاو نراوە بۆ باش کردنی باری ژیانی پاشماوەی قوربانییان کە لە ئاستی دابینکردن پێداویستی ی ژیان و قوربانییەکانییان نییە، ئەوا بە داخەوە تاکو ئێستاش لە ئیدارەی هەولێر پاش 18 ساڵ لە کارەساتەکە، تا ئەم چرکە ساتەش هیچ بڕیارێك نییە بۆ کۆمەکی پاشماوەی قوربانییان.

6. -حکومەتی عێراقی 3-16 وەك ڕۆژی هەڵەبجە و 4-14 وەك ڕۆژی ئەنفال بە فەرمی بناسێت و دان بەو تاوانانەدا وەك کرداری جینۆساید بنێت و داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات، پێویستە ئەو تاوانانە لە پاڵ تەعریب و ڕاگواستن لە دەستووردا وەك کردەی جینۆساید بچەسپێت و پەیمانی دووبارە نەبوونەوەیان بدات.

7. -حکومەتی عێراقی قەرەبووی زیانی قوربانییانی کوشتوبڕ و تەعریبی کورد بکاتەوە.

8. ئەو وڵاتانەی کە تاوانبارانیان شاردۆتەوە ئاشکرای بکەن، یان دادگاییان بکەن یاخود بیدەنەوە بە حکومەتی عێراقی بۆ دادگاییکردنیان.

9. – پێویستە ڕەوەندی کوردی هووشیار بێت لە دۆزینەوەی تاوانباران و هاوکاری چاك بکەن لە دەست نیشان کردنییان، بۆ بە دادگایی گەیاندنییان.

10. -پێویستە ئەو کۆمپانییا چەکسازییانەی چەکی کیمیاویان بە بەعس فرۆشتووە، قەرەبووی زیانەکانی قوربانییان بکەنەوە.

11. -پێویستە هەموو هەوڵەکان بخرێنە گەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەنفالکراو و بێ سەروشوێنکراوەکان و هێنانەوەی ڕوفاتیان بۆ کوردستان.

12. -قەرەبووی زیان لێکەوتووانی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژییەکانی بەعس لە کوردستانی خۆرهەڵات لە قەسری شیرنەوە بۆ مهاباد و بانەو سەردەشت و زێوەو ئاڵوت و ڕەشەهەرمێ گوردانی شوان و بۆتێ (پێشمەرگەی کۆمەڵە) و هەموو ئەوانی تر بکرێتەوە.

13. – گرنگی بە ناوچەی قوربانییان (هەڵەبجە، ئەنفال) بدرێت، لە هەموو بوارەکاندا، خزمەتگوزاری، خوێندن، پیشەسازی.... ییان پێشکەش بکرێت.

14. -باشترین ڕێگە بۆ کۆتایی هێنان بە جینۆسایدکردنی کورد، دیاری کردنی چارەنوسییەتی بە دەستی خۆی، ئەویش لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی تەواو ئازادەوە. بەم هۆیەوە داوا لە UN دەکەین گوێ لە داخوازی جەماوەری کوردستان بگرێت لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی ئازادو تەواو دیموکراسی لە کوردستان.

15. – پێویستە هەموو قوربانییانیی کوردستان شکایەت لە سەر سەرانی بەعس تۆمار بکەن، چونکە تەنها ئەوانەی شکایەت دەکەن دەتوانن قەرەبوو وەرگرنەوە، سستی نواندن و هاوکاری نەکردنی دادگای بەرزی تاوانەکان بەکارێکی نەگەتیف و زۆر خراپ دەزانیین، پێویستە هەموو پارت و لایەن و کەس و گروپەکان شکایەت لەسەر سەرانی بەعس و تاوانباران تۆمار بکەن و هاوکاری جدی دادگای بەرزی تاوانەکان بکەن، بە تایبەت ئەوە بە ئەرکی هەردوو حکومەتی کوردستان دەزانیین، بۆ ئەم مەبەستە لقی کوردستانی چاك لە خزمەت قوربانیانیدایە بۆ کار ئاسانکردن بۆیان.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینوسایدی گەلی کورد (چاك)
2006/02/26